ئاپۆ ... بەختیار محەمەد

دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئێمەدا، لەووی سیاسی و فیکرییەوە، ئاپۆ پیاوێکی داهێنەرە: ئەو خەباتێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و نەتەوەیی چڵنایەتی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەرپا دەکا. ئەو هەر ژن لە عەقڵیەتی خورافی ڕزگار ناکا، بەڵکو دەیکاتە جەنگاوەرێکی نەبەز و نەبەردی دەگمەن و بۆ وێنەی هەر هەموو مێژووی کۆن و نوێی مرۆڤایەتی (ئەو ژن لە مەخلوقێکی زەعیفەوە دەکاتە مەخلوقێکی بەهێز؛ ئەو ئافرەت لە حورمەوە دەکاتە مرۆڤ و ئەم چەمکە خورافییە تێکدەشکێنێ: ئەو چەمکەی شوناسی مرۆڤبوون لە ئافرەت دەستێنێتەوە). ئایا گرنگ نییە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی وەك کۆمەڵگەی ئێمەدا، ژن ببێتە جەنگاوەر و شۆشگێڕێك لەپێناو ئازادی خۆی و ئازادی گەل و نەتەوەکەی؟ بەڕاستی ئەمە بەرهەمی داهێنانی فەلسەفەی سیاسی و فیکریی و ڕۆشنبیریی ئاپۆیە.

ئاپۆ هەر خەباتێکی تەقلیدیی نەتەوەیی بۆ ئازادی گەلێك بەرپا ناکا، بەڵکو ئەو لە ڕێی باوەڕ و فەلسەفەکەیەوە بینای ویست دەکا: ویستی پێڕایینی مرۆڤی کورد، بەهەردوو توخم و ڕەگەزەکەیەوە (یان با بڵێین ئەم ویستە زەوتکراوە ئازاد دەکا). من گەورەیی ئێجەلان لەوەدا دەبینم (هەرچەندە نووسینەکانیم زۆر کەم خوێندۆتەوە)، کە ئەو وەك لینین هەم پیاوێکی تیۆرییە، هەم پیاوێکی خەباتگێڕی پراکتیکیش؛ ئەو تیۆر و پراکتیکەی، کە وەرچەرخانی گەورە لە ئیرادەی تاکی کۆمەڵگەی ئێمە و لە ڕێحی هەموو کۆمەڵگە و هەموو نەتەوەی ئێمەدا (بە تایبەتی لە باکوور و ڕۆژئاوادا) دەخوڵقێنێ: تاك دەبێتە خاوەن ئیرادە و ناسنامە و ئینتیما بۆ کوردستانی گەورە و ژن دەبێتە پیاو و پیاو دەبێتە ژن و تەنها پرەنسیپی خەباتیش ئەرکی هاوبەشی هەردووکیانە و هەر هەموو کۆمەڵگە و هەر هەموو نەتەوەش سەرەنجام بیر لە سەربەخۆیی و ئازادی دەکەنەوە؛ ئەرێ گەلێ، ئەمە کەرنەڤاڵی دەستپێکردنی مێژوویێکی نوێ نییە، بۆ مرۆڤی ژێردەستە و کۆیلەی کورد؟

دەبێ بشزانین، ئێجەلان لە بنەڕەتدا پەروەردەی فەلسەفەی فیکری مارکسیزم – لینینزمە. دیارە ناوی حزبەکەشی (پارتی کرێکارانی کوردستان) هەر ئەمە دەگەیەنێ؛ واتە ئەم حزبە هەم ڕەهەندێکی چینایەتی، هەم ڕەهەندێکی نەتەوەییشی هەیە؛ بەڵام دیارە ڕەهەندە نەتەوەییەکە (بە حوکمی زەڕورەتی واقیع) باڵادەستتر و زاڵترە.